کـــــــــردي

# ئەو ماف وئەرکانەی کە
# فیتڕەتی مرۆڤەکان بانگەشەی بۆ دەکات
# وشەریعەتی ئیسلامیش پەسەندیان دەکات




نووسینی:

زانای پایەبەرز: موحەمەد صالح العثیمین

-ڕەحمەتی خوای لێبێت-



جمعية
خدمة المحتوى الإسلامي
باللغات

Islamhouse.com

جمعية
الدعوة والإرشاد وتوعية
الجاليات بالربوة

بسم الله الرحمن الرحيم

# ئەو ماف وئەركانەی كە فیتڕەتی مرۆڤەكان بانگەشەی بۆ دەكات وشەریعەتی ئیسلامیش پەسەندیان دەكات


نووسینی:

زانای پایەبەرز: موحەمەد صالح العثیمین

-ڕەحمەتی خوای لێبێت-

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام جمعية الربوة رواد الترجمة المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع
الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.

Telephone: +966114454900
ceo@rabwah.sa
P.O.BOX: 29465
RIYADH: 11557
www.islamhouse.com

## بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

# پێشەكی

إن الحمد لله، نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونتوب إليه، پەنامان بە پەروەردگارە لە شەڕی نەفسمان وشەڕی تاوانەكانمان، ئەو كەسەی الله هیداتي بدات هیچ كەسێک نیە گومڕای بكات، وئەوەی الله گومڕای بكات ئەوا هیچ كەسێک نیە هیدایەتی بدات، وە شاهێدی دەدەم بەوەی هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق شایستەی پەرستش بێت بێجگە لە الله، ئەو زاتەی كە بێ هاوەڵ و شەریكە، وە شاهێدی دەدەم كە محمد -صلى الله عليه وسلم- بەندە ونێرداراوی پەروەردگارمانە، وصلى الله عليه وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسان وسلم تسليما.

پاشان لە تایبەتمەندیەكانی شەریعەتی الله -سبحانه وتعالى- ئەوەیە كە ڕەچاوی دادپەروەری كردووە، وهەروەها هەموو خاوەن مافێک مافی خۆی پێدراوە بەبێ زیادەڕەوی، و بەبێ كورتڕەوی، خوای گەورە فەرمانی كردووە بە دادپەروەری وچاكەكاری و بەخشندەیی بەرامبەر كەسوكار، وبەدادپەروەری پێغەمبەرانی نێردراون، وكتێبەكانی دابەزاندووە، وهەموو شتێكی دونیا وقیامەتی لەسەر دادپەروەری دامەزراندووە.

ودادپەروەری بریتیە لە پێدانی ماف بەهەموو خاوەن مافێک، ودانانی هەركەسێكە لە پلەوپایەی تایبەتی خۆی، وئەمە ناكرێت جێبەجێ بكرێت مەگەر پاش زانینی مافەكان بۆئەوەی بدرێت بەخاوەنەكانیان، لەبەر ئەمە پێمان باش بوو گرنگترینی ئەو مافانە ڕوون بكەینەوە ؛ بۆئەوەی بەندە ئەو مافانە جێبەجێ بكات هێندەی دەیزانێت ودەتوانێت، وئەم مافانەش بەشێوەیەكی گشتی بریتین لە:

١- مافەكانی خوای گەورە.

٢- مافەكانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-.

٣- مافەكانی دایک وباوک.

٤- مافەكانی منداڵ.

٥- مافەكانی كەسە نزیكەكان -خزمەكان-.

٦- مافەكانی هاوسەرەكان (ژن ومێرد).

٧- مافەكانی فەرمانڕەوا وفەرمانپێكراوەكان (ژێردەستەكان).

٨- مافەكانی دراوسێ.

٩- مافەكانی مسوڵمانان بەشێوەیەكی گشتی.

١٠- مافەكانی نامسوڵمانەكان.

ئەمانە ئەو مافانەن كە دەمانەوێت هەندێک باسیان لەسەر بكەین وڕوونی بكەینەوە بە شێوەیەكی كورت وپوخت.

*******

## مافی یەكەم : مافی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-

ئەم مافە گرنگترین وگەورەترین و واجبترین مافە؛ چونكە مافی خوای گەورەیە -سبحانه وتعالى- پەروەردگاری مەزن وپاشا وخاوەنداری وبەڕێوەبەری هەموو شتان، مافی پاشای هەقە كە هەمیشە زیندوو وڕاگری بوونەوەرەكان وئاسمانەكان وزەویە، هەموو شتێكی خوڵقاندووە وئەندازەیەكی بۆ دیاریكردووە بەئەوپەڕی حیكمەتەوە، مافی ئەو خودایەی كە تۆی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون لەكاتێكدا هیچ شتێک نەبوویت كە باس بكرێت، ئەو خودایەی كە بە نیعمەتەكانی تۆی پەروەردە كردووە لەكاتێكدا تۆ لەنێو سكی دایكتدا بوویت لەنێو سێ تاریكی كە هیچ بوونەوەرێک نەیدەتوانی خواردن وهۆكارەكانی گەشەكردن بەتۆ بگەیەنێت، شیرخواردنی بۆت ئاسانكرد لەڕێگەی مەمكەكانی دایكتەوە، و دوو ڕێگای

پێت نیشانداوە، ودایک وباوکی بۆت تەرخانکرد بۆئەوەی چاودێریت بکەن، ونیعمەتی زۆری پێ بەخشیت وەک نیعمەتی ئەقڵ وبیستن وهتد، وئامادەی کردی بۆئەوەی ئەمە قبوڵ بکەیت وسوودی لێوەربگریت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاللّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لاَ تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ الْسَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ واتە: ﴿خوا ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە بێ ئەوەی هیچ شتێك بزانن، ئینجا هۆکاری بیستن و بینین و تێگەیشتنی بۆ دابین کردوون، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بکەن﴾، ئەگەر بێبەشت بکات لە فەزڵ ونیعمەتەکانی هێندەی چاوتروكانێک ئەوا تیادەچیت، وئەگەر بێبەشت بکات لە ڕەحمەتی خۆی ئەوا ناژیت، ئەگەر ئەمە فەزڵ وڕەحمەتی خوای گەورە بێت لەسەر تۆ ئەوا مافی ئەو لەسەر تۆ گەورەترین مافە؛ چونکە مافی پێبەخیشنی ژیان وبەخشینی نیعمەتەکانی بوونە لەسەر زەوی، لەبەرامبەردا ئەو هیچ ڕزق وخۆراکێکی لە تۆ ناوێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...لاَ نَسْأَلُكَ رِزْقًا نَّحْنُ نَرْزُقُكَ وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَى﴾ [طه:١٣٢] واتە: ﴿...ئێمە بێگومان داوای ڕزق و ڕۆزی لە تۆ ناکەین، بەڵکو ئێمە ڕزق و ڕۆزی بە تۆ دەبەخشین، سەرەنجامی چاک هەر بۆ تەقوادارانە﴾.

ئەو زاتە مەزنە تەنها یەک شتی لە تۆ دەوێت کە ئەویش بەرژەوەندی وسوودەکەی هەر بۆ تۆ دەگەڕێتەوە، دەیەوێت ئەو بپەرستیت بەتەنها بەبێ بڕیاردانی هاوبەش وشەریک لە پەرستنیدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات:٥٦]، واتە: ﴿من جن و مرۆڤایەتیم دروست نەکردووە تەنها بۆ پەرستنی من نەبێت﴾، ئەو دەیەوێت بەندەی بیت بەهەموو ماناکانی بەندایەتی، هەروەکو چۆن ئەو پەروەردگارتە بەهەموو ماناکانی پەروەردگارێتی، بەندەیەکی ملکەچ وزەلیل بیت بۆی، وفەرمانەکانی جێبەجی بکەیت، ودوور بکەویتەوە لە نەهی لێکراوەکانی، وئەوەی فەرموویەتی بەڕاستی دابنێیت؛ چونکە نیعمەتەکانی دەبینیت لەسەرت کە زۆر وبەردەوامن، ئایا شەرم نییە ئەم نیعمەتانە بگۆڕیتەوە بە کوفر وپێنەزانی ؟!

ئەگەر کەسێک لە خەڵکی فەزڵی بەسەرتەوە هەبێت ئەوا شەرم دەکەیت بەئاشکرا سەرپێچی بکەیت لەشتێک کە پێت دەڵێت، ئەی چی سەبارەت بە پەروەردگارت کە هەموو فەزڵ ونیعمەتێک هی ئەوە، وهەرچی شەڕ وخراپەیەک لە تۆ دوور بێت هەمووی بەڕەحمەتی ئەو زاتەیە -سبحانه وتعالى- ؟! خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ﴾ [النحل:٥٣] واته: ﴿هەرچی نازو نیعمەتێكتان هەیە هەمووی بەهرەو بەخششی خوایە، پاشان كاتێك ناخۆشی و بەڵایەكتان بۆ پێشهات، ئەوە هاناو هاوارو پەنا هەر بۆ لای ئەو دەبەن و هەر لەو زاتە دەپاڕێنەوە﴾.

ئەم مافە کە خوای گەورە واجبی کردووە بۆ نەفسی خۆی ؛ ئاسانە لەسەر هەرکەسێک پەروەردگار بۆی ئاسان کردبێت، چونکە خوای گەورە وایکردووە هیچ نارەحەتی وبارگرانی وقورسییەکیان تێدا نەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلاَةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلاَكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرِ﴾ [الحج:٧٨] واته: ﴿هەروەها بەردەوام بن لە خەبات و جیهاد و هەوڵ و كۆشش لە پێناوی خوادا بەو شێوەیەی كە شایستەیەتی، لەبەر خاتری ئەو بێت، ئەو زاتە بۆ ئەوە هەڵی بژاردوون و لە ئاین و بەرنامەكەیدا هیچ جۆرە شتێكی نارەواو قورس و گرانی لەسەر دانەناون (كە نەتوانن ئەنجامی بدەن، جا ئەم بەرنامەیە) ڕێ و شوێن و بەرنامەی ئیبراهیمی باواتانە كە پێشتر هەر خوای گەورە ناوی ناون موسڵمان و لەم قورئانەشدا بەموسڵمان ناوی بردوون، تا پێغەمبەر ببێتە شایەت بەسەرتانەوە (كە پەیامی خوای پێ ڕاگەیاندوون) و ئێوەش (بە گەیاندنی ئەو پەیامە) ببنە شایەت بەسەر خەڵكییەوە، كەواتە نوێژەكانتان بەچاكی ئەنجام بدەن و زەكاتیش (لە ماڵ و سامانتان) دەربكەن و پشت بەخوا ببەستن، چونكە هەر ئەو زاتە یار

وياوەرتانە، جا دڵنیابن كە خوا چەندە یارمەتیدەرێكی چاكە و چەندە پشت و پەنایەكی بەهێزو بە نرخە﴾، ئەمە بیروباوەڕێكی نمونەییە، وباوەڕهێنانە بە هەق، وكردەوەی چاكی بەرهەمدار، ئەمە عەقیدەی باوەڕهێنانە بە غەیب، وبنیات نراوە لەسەر خۆشەویستی و بەمەزندانان، وبەرهەمەكەی دڵسۆزی و خۆبەخشین وكۆڵنەدانە، پێنج نوێژ لە شەو ورۆژێكدا بەهۆیانەوە ؛ خوای گەورە لە گوناهەكان خۆش دەبێت، و پلەكان بەرز دەكاتەوە، ودڵ وحاڵەكان چاك دەكات، وبەندە ئەنجامیان دەدات هێندەی لەتوانایدایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ...﴾ [التغابن: ١٦] واتە: ﴿كەواتبوو هەتا دەتوانن بەتەقوا و خواناس بن...﴾.

كاتێك عیمرانی كوڕی حوصەین نەخۆش بوو -ڕەزای خوای لێبێت- پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «بە پێوە نوێژ بكە، ئەگەر ناتوانیت ئەوا بە دانیشتنەوە ئەنجامی بدە، خۆ ئەگەر هەر ناتوانیت ئەوا بە پاڵكەوتنەوە نوێژ بكە (لەسەر لا نوێژ بكە)».

زەكات: بەشێكی كەمە لە پارە وسامان دەبەخشرێت بۆ دابینكردنی پێویستی هەژار ونەدار ورێبوار وقەرزدارەكان وهتد لەوانەی شایستەن زەكاتیان پێبدرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿..فَأَقِيمُوا الصَّلاَةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلاَكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرِ﴾ [الحج:٧٨] واتە: ﴿..كەواتە نوێژەكانتان بەچاكی ئەنجام بدەن و زەكاتیش (لە ماڵ و سامانتان) دەربكەن و پشت بەخوا ببەستن، چونكە هەر ئەو زاتە یارو ویاوەرتانە، جا دڵنیابن كە خوا چەندە یارمەتیدەرێكی چاكە و چەندە پشت و پەنایەكی بەهێزو بە نرخە﴾.

بەڕۆژووبوونی مانگێك لە ساڵدا، وئەوەی نەخۆش یان ڕێبوار بێت ئەوا دەتوانێت پاش ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت، وئەوەی نەتوانێت ڕۆژوو بگرێت بەهۆی نەخۆشی بەردەوام ودرێژخایەن ئەوا بەرامبەر هەر ڕۆژێك خۆراكی یەك هەژار دابین دەكات ودەیبەخشێت.

حەجكردن بۆ ماڵی خوای گەورە -البيت الحرام- يەک جار لە تەمەندا ؛ لەسەر ئەوەی دەتوانێت، ئەمانە بنچينەكانی مافی خوای گەورەن -سبحانه وتعالى-، جگە لە ئەم بنچينانە ؛ واجب دەبن بەهۆی پێشهاتێک وەكو جيهاد لەپێناو اللّه، يان بەهۆی ئەو هۆكارانەی واجبی دەكەن وەكو سەرخستنی ستەملێكراو.

بڕوانە ئەی مسوڵمان ئەم مافانە كردەوەيەكی ئاسانن، وپاداشتيان گەلێک زۆرە، ئەگەر ئەنجاميان بدەيت ئەوا بەختەوەر دەبيت لە دونيا وقيامەتدا، ورزگارت دەبێت لە دۆزەخ، ودەچيتە بەهەشتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَما الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾ [آل عمران:١٨٥] واتە: ﴿...ئەوسا ئەوەی دوور خرايەوە لە ئاگری دۆزەخ و خرايە بەهەشتەوە، ئەوە بەڕاستی سەرفراز بووە، ژيانی دونياش بێجگە لەوەی كە ڕابواردنێكی خەڵەتێنەرە شتێكی تر نيە﴾.

*******

## مافی دووەم : مافی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-

ئەم مافە گەورەترين مافی خوڵقێندراوەكانە، هيچ مافێک گەورەتر نيە لە مافی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا﴾ [الفتح:٨] واتە: ﴿ئێمە تۆمان ڕەوانەكردووە -ئەی پێغەمبەر (صلى اللّه عليه وسلم)- كە شايەت و مژدەدەر و بەئاگاهێنەر بيت بۆ گرۆی ئادەميزاد﴾، بۆيە واجبە خۆشويستنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بخرێتە پێش خۆشويستنی هەموو خەڵكی تەنانەت نەفس ومنداڵ ودايک وباوكيش، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هيچ كەسێک لە ئێوە ئيمانی تەواو وكامڵ نابێت؛ هەتا ئەو كاتەی من خۆشەويستتر دەبم لە لای لە منداڵەكەی وباوكی وهەموو خەڵكی».

وله مافەكـانی پێغەمـبەر -صـلى الـله علـيه وسـلم-: ڕێزگرتنـی، وبەگەورەدانانی بەو شێوەیەی شایستەیە بەبێ زیادەڕەوی و بەبێ كورتڕەوی، وڕێزلێگرتنی لەژیانیـدا ؛ ڕێزگرتنـی سـونەتەكەی وكەسـایەتی بەخشـندەیەتی، وڕێزگرتنـــی لەپـــاش مردنـــی ؛ ڕێزگرتنـــی ســـونەتەكەی وشـــەریعەتە دامەزراوەكەیەتی، هەركەسێک ڕێزگرتن و بەگەورەدانـانی هـاوەڵانی بینیبێـت بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەزانێـت چـۆن ئەو چاكەكـار و بەشـــكۆیانە ئەوەی لەســـەریان بـــووە جێبەجێیـــان كـــردووە دەرهەق بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-.

عروەی كوڕی مەسـعود  كاتێـک قـوڕەیش ناردنیـان بـۆئەوەی گفتوگـۆ لەگەڵ پێغەمـبەر -صـلى الـله علـيه وسـلم- بكـات لە باسـی پەیماننـامەی حـــودەیبیە ؛ پێیـــانی ووت: «چـــوومەتە لای پاشـــاكان -كیســـرا وقەیســـەر ونەجاشی- هـیچ یەكـێكم نەبینیـوە هـاوەڵانی بەگەورەی دابنـێن هەروەكـو چۆن هاوەڵانی موحەمەد ؛ موحەمەد بەگەورەدادەنـێن، ئەگەر فەرمانێكیـان پێبكات ؛ دەستبەجێ جێبەجێـی دەكەن، وئەگەر دەسـنوێژ بگرێـت خەریـكە شەڕ بكەن لەسەر پاش ماوەی ئاوی دەسـتنوێژی، وكاتێـك قسـەی بكـردایە ئەوان دەنگیان نزم دەكردەوە، وڕاستەوخۆ سـەیری نێوچـاوانی نـاكەن وەكـو بەگەورەدانانێک بۆی».

بەم شێوەیە بەگەورەیان دادەنا -ڕەزای خوایان لێبێت- هەرچەندە خوای گەورە لەسەر ڕەوشتە جوان وبەخشندەكان خوڵقاندوویەتی، وكەسایەتیەكی ئاسان ونەرمونیانی هەبووە، ئەگەر دڵڕەق و وشک بووایە بەرامبەریان ئەوا لێی دوور دەكەوتنەوە.

وله مافەكانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- : بەڕاستدانانیەتی لەو شتانەی فەرموویەتی لە باسەكانی پێشوو و داهاتوو، وجێبەجێكردنی فەرمانەكانی، ودووركەوتنەوە لە نەهی لێكراوەكانی، وباوەڕ بەوەی ڕێبازی ئەو باشترین ڕێبازە، وشەریعەتەكەی باشترین شەریعەتە، ونابێت هیچ

شەریعەت وڕێكخستەیەک لە لایەن هەر کەسێکەوە بێت بخرێتە پێش شەریعەتەکەی ئەو. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ [سورة النساء: ٦٥] واتە: ﴿نەخێر (وانیە کە خۆیان بە باوەڕدار نیشیان دەدەن) سوێند بەپەروەردگارت بڕوادار نین هەتاوەکو تۆ نەکەنە دادوەر لە هەر ئاژاوە و دووبەرەکیەکی نێوانیان دا ولە پاشان هەست نەکەن لە دەرونیاندا بەهیچ بێزارییەک دەربارەی ئەو بڕیارەی داوتە و ملکەچ ببن بەملکەچیەکی تەواو﴾، ودەفەرموێت: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ [آل عمران:٣١] واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت کەواتە دوای من بکەون تا خواش ئێوەی خۆش بوێت و لە گوناهەکانتان خۆش ببێت وە خوا لێخۆشبووی میهرەبانە﴾.

ولە مافەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- : بەرگری کردن لە شەریعەت وڕێبازەکەی هێندەی مرۆڤ لە هێز وتوانای وهێندەی حاڵەتەکە پێویست دەکات لە بەکارهێنانی چەک وکەرەستەی تر. ئەگەر دوژمن بە بەڵگە وگومانەوە هێرش بکات؛ ئەوا بەرگری کردن لێی بەزانست و ڕەتدانەوەی بەڵگە وگومانەکانیان دەبێت وڕوون دەکرێتەوە کە هیچ وپوچەڵن، وئەگەر بە چەک هێرش بکەن ئەوا بەرگری کردن لە شەریعەتەکەی بەهەمان شێوە دەبێت.

وناکرێت هیچ ئیماندارێک شتێکی ناڕەوا ببیستێت سەبارەت بە شەریعەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یان کەسایەتی بەخشندەی، وبێدەنگ بێت لەسەر ئەمە لەگەڵ بوونی توانای بەرگری کردن.

*******

## مافی سێیەم: مافی دایک وباوک

هیچ کەسێک نکۆڵی ناکات لە فەزڵ وچاکەی دایک وباوک بەسەر منداڵەکانەوە، دایک وباوک هۆکاری بوونی منداڵەکانن، ومافی زۆر ومەزنیان هەیە بەسەریانەوە، ئەوان بەخێویان کردووە لەو کاتەی منداڵ وبچووک بووە، وماندووبوون لەپێناو ئیسراحەتی ئەو، وشەونخونیان کردووە بۆئەوەی بخەوێت، ودایک لە سکی هەڵیگرتووە، و لەسەر خۆراک وتەندروستی ئەو ژیاوە بۆماوەی نۆ مانگ، هەروەکو خوای گەورە ئاماژەی بۆ کردووە وفەرموویەتی: ﴿...حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ...﴾ [لقمان:١٤] واتە: ﴿...دایکی بە ئێش و ئازارو لاوازی و بێتاقەتیەکی زۆرەوە، (نۆ مانگ) هەڵی گرتووە...﴾، پاشان چاودێریکردنی وشیرپێدانی بەردەوام بۆ ماوەی دووساڵ لەگەڵ ماندووبوون وبارگرانی وناڕەحەتی، وباوکیش بەهەمان شێوە هەوڵدەدات بۆ دابیکردنی خەرجی وبژێوی ژیانت لەو کاتەی منداڵیت هەتاوەکو باڵغ دەبیت ودەتوانیت خۆت کار بکەیت، وپەروەردە وئاراستەت دەکات لەکاتێکدا تۆ سوود وزیانت نازانیت، بۆیە خوای گەورە فەرمانی بە منداڵەکان کردووە کە بەرامبەر دایک وباوکیان چاکەکار بن وسوپاسیان بکەن، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَوَصَّيْنَا الإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ﴾ [لقمان:١٤] واتە: ﴿ئێمە فەرمانمانداوە بە ئادەمیزاد بە چاک ڕەفتاری لەگەڵ دایک و باوکیدا، دایکی بە ئێش و ئازارو لاوازی و بێتاقەتیەکی زۆرەوە، (نۆ مانگ) هەڵی گرتووە، لێگرتنەوەی شیریش لە دوای دوو ساڵ، فەرمانمان پێدا کە ئەی ئینسان سوپاسگوزاری منیش و دایک و باوکیشت بە، دڵنیابن کە گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە﴾.

وپەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاَهُمَا فَلاَ تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلاً كَرِيمًا﴾ [الإسراء:٢٣] واتە: ﴿پەروەردگاری تۆ بڕیاریداوە

كە جگە لەو كەسی تر نەپەرستن، هەروەها بڕیاریداوە چاكەكاریش بن لەگەڵ دایك و باوكتاندا، هەر كاتێك یەكێكیان یان هەردووكیان بە پیری كەوتنە لای تۆ (تەنانەت) ئۆفیان لە دەست مەكەو (هەرگیز) پیایاندا هەڵمەشاخێ و هاواریان بەسەردا مەكە، بەردەوامیش قسەو گفتو گۆت لەگەڵیاندا با چاك و جوان و بەجێ بێت﴾.

مافی دایک وباوک لەسەر تۆ: چاكە كار بیت لەگەڵیاندا، ئەمیش بە قسە وكردەوە ومالّ ولاشە دێتە جێ، وفەرمانەكانیان جێبەجێ بكەیت ئەگەر سەرپێچی فەرمانی اللە نەبێت، ولە شتێكدا زیانی بۆت نەبێت، بە لەسەرخۆیی قسەیان لەگەڵدا دەكەیت وڕووت بەرامبەریان خۆش دەبێت، وبەخێویان دەكەیت بەو شێوەی شیاوە بۆیان، ونابێت بێزاری دەربڕیت كاتێک بەتەمەن ونەخۆش ولاواز دەبن، ونابێت ئەمە بەلاتەوە ناڕەحەت بێت؛چونكە تۆش وەكو ئەوانت لێدێت، وەكو ئەوان دەبیتە باوک، و بەتەمەن دەبیت لەلای منداڵەكانت -ئەگەر هەتا ئەو تەمەنە بمێنیت- وەكو ئەوان، وپێویسیت بە چاكەكاری منداڵەكانتە بەرامبەرت هەروەكو چۆن ئەوان پێویستیان بە چاكەكاری تۆ بوو، ئەگەر بەرامبەریان چاک بووی ئەوا چاوەڕوانی پاداشتی زۆر وگەورە بكە، وپاداشت هاوشێوەی كردەوەیە، زۆرجار هەركەسێک بەرامبەر دایک وباوكی چاک بێت ؛ ئەوا منداڵەكانیشی بەرامبەری چاک دەبن، وزۆرجار هەركەسێک بەرامبەر دایک وباوكی خراپ بێت ؛ ئەوا منداڵەكانیشی بەرامبەری خراپ دەبن، هەرچی بچنیت ئەوە دەدووریتەوە.

خوای گەورە پلەیەكی بەرز وگەورەی داناوە بۆ مافی دایک وباوک بەشێوەیەک مافی ئەوان لەدوای مافی خوای گەورە ومافی پێغەمبەرەكەی دێت -صلى الله عليه وسلم-، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا...﴾ واتە: ﴿(ئەی خەڵكینە) تەنها خوا بپەرستن و هیچ جۆرە شەریک و هاوەڵێكی بۆ بڕیار مەدەن و چاكەكار بن

لەگەڵ دایک و باوکتان...﴾ [النساء: ٣٦]، وپەروەردگار فەرموویەتی: ﴿...أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ﴾ [لقمان:١٤] واتە: ﴿...سوپاسگوزاری منیش و دایک و باوکیشت بە، دڵنیابن کە گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە﴾، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چاكەكاری بەرامبەر دایک وباوكی خستووەتە پێش جیهاد كردن لەپێناو خوای گەورە، هەروەكو لە فەرموودەی عبداللەی كوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە، دەڵێت: پرسیارم لە پێغەمبەر -صلى اللّه عليه وسلم- كرد: چی كردەوەیەک خۆشەویستترینە لای خوای گەورە؟ فەرمووی: «نوێژ كردن لە كاتی خۆی»، ووتم: پاش ئەوە چی؟ فەرمووی: «چاكەكاری بەرامبەر دایک وباوک» ووتم: پاش ئەوە چی؟ فەرمووی: «جیهاد وتێكۆشان لە پێناو خوای گەورە» [رواه البخاري ومسلم]، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر گرنگی مافی دایک وباوک كە زۆرێک لە خەڵكی پشتگوێیان خشتووە، وتووشی خراپەكاری وپچڕانی پەیوەندی بوون بەرامبەر دایک وباوكیان، وپێت سەیرە كەسی وا هەیە كە پێی وایە دایک وباوكی هیچ مافێكیان بەسەریەوە نیە، ولەوەیە بەكەم سەیریان بكات وخۆی بەگەورەتر بزانێت بەسەریانەوە، وهاوشێوەی ئەم كەسە پاداشتی كردەوەكەی وەردەگرێت زوو یان درەنگ بێت.

*******

## مافی چوارەم: مافی منداڵەكان

كاتێک دەڵێین منداڵ مەبەستمان كوڕ وكچەكانە، ومافەكانی منداڵ زۆرن، ولە گرنگترینیان: پەروەردەكردن؛ ئەمیش بریتیە لە پەروەردەكردنیان لەسەر دینداری وڕەوشتی جوان لە نەفسیاندا هەتاوەكو خۆیان تەواو گرنگی پێدەدەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ...﴾ [التحريم:٦] واتە: ﴿ئەی ئەو كەسانەی كە باوەڕتان هێناوە خۆتان و ماڵ ومنداڵەكانتان بپارێزن لە ئاگرێك كە سووتەمەنیەكەی خەڵكی و بەردە...﴾، وپێغەمبەر -صلى الله

علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەمووتان بەرپرسیار وسەرپەرشتیارن، وهەریەكێكتان بەرپرسیارە بەرامبەر ژێردەستەكەی: دەسەڵاتدار بەرپرسیارە، وپیاو بەرپرسیارە لەسەر خێزانەكەی..».

منداڵەكان سپاردەن لە گەردنی دایک وباوک، بەرپرسیارن لەسەریان لەڕۆژی قیامەت، وبەرپرسیارن لە پەروەردەكردنیان لەسەر پەروەردەی ئاینی وڕەوشتی جوان وئەمە دەبێتە هۆی جێبەجێكردنی ئەركی دایک وباوک بەرامبەر نەوەكانیان وڕزگاریان دەبێت لە لێپرسینەوەی سەخت، ومنداڵەكان چاک دەبن، ودەبنە هۆی ئارامی وبەختەوەری بۆ دایک وباوک لە دونیا وقیامەتدا، وپەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَانٍ أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَمَا أَلَتْنَاهُم مِّنْ عَمَلِهِم مِّن شَيْءٍ كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ﴾ [الطور:٢١] واتە: ﴿جا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و نەوەكانیشیان بەئیمان و باوەڕەوە شوێنیان كەوتوون، ئەوانەلەبەهەشتدا پێک شاد دەكەینەوە (تا كامەرانی و خۆشییان زیاتر بێت)، وەنەبێت ئەوانەی كەپلەی بەرزیان دەستكەوتووە دایان بەزێنین بۆ پلەی نزمتر، چونكەئێمە پاداشتی كردەوەی كەس كەم ناكەینەوە (ئەگەر زیادی نەكەین) لەهەمان كاتدا هەركەسەبارمتەی كردەوەی خۆیەتی﴾، كاتێک پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَلَتْنَاهُم: چونكە ئێمە پاداشتی كردەوەی كەس كەم ناكەینەوە﴾ ؛ مەبەست ئەوەیە كاتێک منداڵەكانیان پلەیان بەرز دەكرێتەوە لە بەرامبەر كەمكردنی پاداشتی دایک وباوكیان نیە، وپێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «گەر ئادەمیزاد مرد لە كردەوەكەی دادەبڕێت، مەگەر لەسێ شت نەبێت: خێرێكی بەردەوام، یان زانستێک بڵاو بكاتەوە سوودی لێوەربگیرێ لەپاش خۆی، یان منداڵێكی چاك -لە دوای خۆی- دوعای خێری بۆ بكات»، پەروەردەكردنی منداڵ لەسەر پەروەردەیەكی چاک ؛ بەرهەمەكەی ئەوەیە منداڵەكە بەسوود دەبێت بۆ دایک وباوكی تەنانەت لەپاش مردنیان.

زۆرێک لە دایک وباوکەکان گرنگی بەم مافە گەورەیە نادەن، بۆیە منداڵەکانیان پشتگوێ خستووە و لەبیریان کردوون، هەروەکو ئەوە وابێت هیچ بەرپرسیار نین لەسەریان، ناپرسن بۆ کوێ دەچن؟! وکەی دێنەوە بۆ ماڵ؟! وناپرسین کێ هاورێ وهاوەڵیانە؟! وئاراستەیان ناکەن بۆ خێر وچاکە، ونەهیان لێناکەن لە شەڕ وخراپە.

سەیرە ئەوان بەپەرۆشن لەسەر پارە وسامانەکانیان بە پاراستنی وگەشەکردنی، وشەونخونی دەکەن بۆئەوەی بەرهەمدار بێت، ئەگەرچیش زۆرجار ئەوان گەشە بە سامانەکانیان دەدەن بۆ بەرژەوەندی خەڵکی تر، بەڵام هیچ گرنگی نادەن بە منداڵەکانیان، لەکاتیکدا پاراستنی ئەوان باشتر وچاکترە لە دونیا وقیامەتدا، هەروەکو چۆن واجبە لەسەر باوک خواردن وخواردنەوە وپۆشاک دابین بکات بۆ منداڵەکانی، بەهەمان شێوە واجبە لەسەری ببێتە هۆکار بۆ زیندووکردنەوەی دڵی منداڵەکانی بە زانست وئیمان، ودەبێت لاشەیان داپۆشێت بە پۆشاکی تەقوا چونکە ئەمە خێرترینە.

وله مافەکانی منداڵ : خەرجیان لەسەر بکات بە چاکە و بەبێ زیادەڕەوی وبە بێ کورتڕەوی، چونکە ئەمە واجبی منداڵەکانە لەسەری، وسوپاسگوزاریە بۆ نیعمەتەکانی خوای گەورە لەوەی پێی بەخشیووە لە ماڵ وسامان، چۆن ڕێگری خەرجیان لێدەکات لەژیانیدا، وڕەزیل دەبێت دەرهەقیان؛ چونکە لەهەموو حاڵەتێکدا بۆ ئەوان کۆی دەکاتەوە، بۆیە بەزۆر دەیبەن لەپاش مردنی ؟! وئەگەر ڕەزیلی بکات لەسەریان لەوەی کە واجبە ئەوا منداڵەکان بۆیان هەیە لە سامانەکەی ببەن بە پێی پێویستی بەشێوازێک زەرەری پێنەگەیەنن، هەروەکو چۆن پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەتوای بۆ هیندی کچی عوتبە دا -ڕەزای خوای لێبێت-.

وله مافەکانی منداڵ: هیچ یەکێکیان نەخاتە پێش ئەوانی تر لە بەخشین ودیاریەکان، نابێت ببەخشێت بەهەندێک لە منداڵەکانی وئەوانی

تر بێبەش بكات، ئەمە ستەمە، وخوای گەورە ستەمكارانی خۆشناوێت، ئەمە دەبێتە هۆی نارەحەتبوونی بێبەشكراوان، وهەڵگیرسانی دوژمنایەتی دژ بە ئەوانەی پێیان بەخشراوە، ولەوەیە ببێتە هۆی دوژمنایەتی لەنێوان بێبەشكراوان ودایک وباوكدا، وهەندێک لە خەڵكی یەكێک لە منداڵەكانی دەخاتە پێش ئەوانی تر چونكە چاكەكار وبەسۆزە بەرامبەر دایک وباوكی، بۆیە ئەو تایبەت دەكەن بە بەخشین ودیاریەكان؛ چونكە چاكەكارە، بەڵام ئەمە بیانوو نیە بۆ تایبەتكردنی ئەو، چونكە ئەوەیان چاكەكارە نابێت بەتایبەت دیاری پێبدرێت بەهۆی ئەوەی چاكەكارە؛ چونكە پاداشتی چاكەكاربوون لەلای خوای گەورەیە، وتایبەتكردنی دەبێتە هۆی ئەوەی تووشی عوجب وسەرسامبوون بێت بە نەفسی، وپێی وابێت فەزڵی هەیە بەسەر دایک وباوكی، وئەوانی تر دوور دەكەونەوە وبەردەوام دەبن لەسەر خراپبوونیان، پاشان ئێمە نازانین لەوەیە حاڵ بگۆڕێت، چاكەكار ببێتە خراپەكار و بەپێچەوانەوە، دڵەكان بەدەستی خوای گەورەن ؛ هەرچۆنێک بیەوێت ئاراستەیان دەكات.

لە هەردوو سەحیحدا [بخاري ومسلم]دا هاتووە، لە نوعمانی كوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: باوكی غوڵامێكی -خزمەتكاری- پێی بەخشی، وباوكی ئەمەی بۆ پێغەمبەری خودا باسكرد -صلى الله عليه وسلم-، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا ئەمەت بەخشیووە بە هەموو منداڵەكانت؟»، باوكی ووتی : نەخێر، ئەویش فەرمووی: «كەواتە وەریبگرەوە -بەخشینەكە-»، ولە گێڕانەوەیەكدا: «تەقوای خوا بكەن -لە خوا بترسن-، ودادپەروەر بن لە نێوان منداڵەكانتان»، ولە گێڕانەوەیەكی تردا: «یەكێكی تر بكە بە شاهێد لەسەر ئەمە، چونكە من شاهێدی نادەم لەسەر ستەمكردن»، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێشخستنی هەندێک لە منداڵەكانی بەسەر ئەوانی تردا ؛ بە زوڵم وستەم وەسفی كردووە، وستەم كردنیش حەرامە.

بەڵام ئەگەر هەندێک شت ببەخشێت بەئەوەیان کە پێویستیەتی، ودوووەم پێویستی نیە، وەکو ئەوەی یەکێک لەمنداڵەکان پێویستی بە پێداویستی خوێندن یان چارەسەر یان هاوسەرگیری بێت، ئەوا ئاساییە ئەو تایبەت بکات بەدابینکردنی ئەو شتەی پێویستیەتی؛ چونکە ئەم تایبەت کردنە بەهۆی پێویستیەوەیە، بۆیە وەکو مەسرەف بۆ کردنی وایە.

هەرکاتێک باوک ئەوەی لەسەریەتی لە واجب جێبەجێی کرد دەرهەق بە منداڵەکانی لە پەروەردە وخەرجکردن، ئەوا زۆرجار منداڵەکانیش بەهەمان شێوە چاکەکار دەبن بەرامبەری، ومافەکانی جێبەجێ دەکەن، وهەرکاتێک باوک کەمتەرخەم بێت لەوەی واجبە لەسەری ئەوا شایستەی سزادانە، ئەمیش بەوەی منداڵەکانی مافەکانی پشتگوێ بخەن، وسزا دەدرێت هاوشێوەی کەمتەرخەمبوونەکەی، چی بچنیت ئەوە دەدووریتەوە.

*******

## مافی پێنجەم : مافی خزمەکان

ئەو نزیکەی پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ تۆدا هەیە وەکو -برا ومام وخاڵ ومنداڵەکانیان، وهەرکەسێک کە پەیوەندی نزیک وخزمایەتی هەیە لەگەڵت- مافی خزمایەتی هەیە بەپێی نزیکبوونی لێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: واتە: ﴿وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ...﴾ [الإسراء:٢٦] واتە: ﴿مافی خزم و دۆستان بەجێ بهێنە و پەیوەندیەکان (لە چوار چێوەی شەرعدا چاودێری بکە)...﴾، ودەفەرموێت: ﴿وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى...﴾ [النساء:٣٦] واتە: ﴿(ئەی خەڵکینە) تەنها خوا بپەرستن و هیچ جۆرە شەریک و هاوەڵێکی بۆ بڕیار مەدەن و چاکەکار بن لەگەڵ دایک و باوکتان و خزماندا...﴾، واجبە لەسەر هەموو خزمێک پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت بە چاکە ئەمیش بەڕێزلێگرتنی، وسوود پێگەیاندنی لاشەیی ودارایی، بەپێی ئەوەی داواکراوە لە نزیکبوونی وپێویستی، ئەمە داواکراوە لەڕوانگەی شەریعەت وئەقڵ وفیترەتەوە.

بەڵگەی زۆر هاتووە لەسەر ئامۆژگاری وهاندان بۆ گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی ئەمیش كەسی نزیک دەگرێتەوە، لە هەردوو سەحیحدا هاتووە لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خودا بوونەوەرەكانی دروستكرد، كاتێک خوڵقاندنیان تەواو بوو، ڕەحم (پەیوەندی خزمایەتی) هەستا، ووتی: ئەمە پەناگەی كەسێكە كە پەنا دەگرێت لە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی، خودا فەرمووی: «ئایا ڕازی دەبیت ئەگەر پەیوەندیم هەبێت لەگەڵ ئەو كەسەی پەیوەندی تۆ دەگەیەنێت، وپەیوەندی بپچڕێنم لەگەڵ ئەو كەسەی پەیوەندی تۆ دەپچڕێنێت»، ووتی: بەڵێ، ئەی پەروەردگار، خودا فەرمووی: «دەی بڕیار بێت ئەوە بۆ تۆ بێت». پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بیخوێننەوە ئەگەر ویستتان: {فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُم} واتە: {جا ئایا ئێوە بەتەمان (ئەی ناپاكان) ئەگەر پشت هەڵبكەن (لە ئیسلام وجیهاد) ولە زەویدا ئاژاوە وخراپە بەرپا بكەن وهەرچی پەیوەندی خزمایەتیە بیپچڕێنن}». وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەركەسێک باوەڕی بە خوا وڕۆژی قیامەت هەیە با پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت».

زۆرێک لە خەڵكی ئەم مافەیان پشتگوێ خستووە، وكەمتەرخەمن تێیدا، كەسی وا هەیە هیچ پەیوەندی نیە لەگەڵ خزمەكانی، نە بە ماڵ و نە بە ڕەوشتی جوان ونە بە ڕێزگرتن، ڕۆژ ومانگ دەڕوات ونەیانی بینیووە، وسەردانیانی نەكردووە، وخۆشەویستیان زیادی نەكردووە بەدیاری بەخشین، هیچ نارەحەتی وپێویستیەكی لەسەریان لانەداوە، بەڵكو لەوەیە بەرامبەریان خراپ بووبێت بە قسە یان كردەوە، یان هەردوویان، پەیوەندی بە كەسی دوورەوە هەیە بەڵام پەیوەندی پچڕاندووە لەگەڵ خزمەكانی.

خەڵكی وا هەیە ئەگەر خزمەكانی پەیوەندی پێوە بكەن وسەردانی بكەن ؛ ئەویش بەو شێوەیە دەبێت، بەڵام كە ئەوان پەیوەندیان پچڕان

ئەمیش دەیپچڕێنێت، ئەمە لەڕاستیدا پەیوەندی خزمایەتی نەگەیاندووە، بەڵکو هاوشێوەی بەرامبەر چاکەی کردەوە، ئەمیش بەرامبەر خزم وکەسی تریش ڕوودەدات، چونکە چاکەدانەوەی بەرامبەر تایبەت نیە بە خزم وکەسی نزیک، وئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنێت لەهەقیقەتدا ئەوەیە کە لەپێناو خوای گەورە بیگەیەنێت، وگوێ نەدات بەوەی ئایا ئەوان پەیوەندی دەگەیەنن یان نا، هەروەکو لە [صحيح البخاري]دا هاتووە لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوە خزم ودۆستی ڕاستەقینە نیە کە چاکە بە چاکە دەداتەوە، بەڵام خزم ودۆستی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە ئەگەر بەرامبەرەکەی پەیوەندی خزمایەتی پچڕاند ئەو هەر پەیوەندیەکە دەگەیەنێت».

پیاوێک پرسیاری لە سەروەرمان کرد ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من کەسانێکی نزیک وخزمم هەیە، من پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنم بەڵام ئەوان دەیپچڕێنن، ومن بەرامبەر ئەوان چاکم بەڵام ئەوان بەرامبەر من خراپن، ولە سەریان ئارام دەگرم وئەوان خراپە دەکەن بەرامبەرم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «ئەگەر بەو شێوە بیت کە باست کرد، وەکو ئەوە وایە لمیان دەرخوارد بدەیت، وبەردەوام لە لایەن خوای گەورەوە یارمەتی وپشتیوانیت بۆ هەیە لە بەرامبەر ئەوان ئەگەر تۆ هەر بەو شێوەیە بیت» [رواه مسلم].

ئەگەر لە گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی هیچ شتێک نەبێت جگە لەوەی کە الله پەیوەندی دەگەیەنێت لە دونیا وقیامەتدا ؛ بە ئەوانەی پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنن، بە هۆکاری گەیاندی خزمایەتی ؛ الله ڕەحمی پێدەکات وکارەکانی بۆ ئاسان دەکات، وناڕەحەتیەکانی لەسەر لادەدات، وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی ئەندامانی خێزان لەیەکتر، وخۆشەویستی وسۆزیان لەسەر یەک زیاد دەبێت، ویارمەتی یەکتر

دەدەن لەکاتی سەختی وناڕەحەتی، وبەختەوەری وئاسوودەیی دێتە دی ؛ چونکە ئەمە جێبەجێکراوە وزانراوە، وهەموو ئەم سوودانە پێچەوانە دەبێتەوە ئەگەر پەیوەندی بپچڕێنێت و لەیەکتر دووربن.

*******

## مافی شەشەم :مافی هاوسەرەکان (ژن ومێرد)

هاوسەرگیری شوێنەواری گرنگ، وزۆر ئەرکی داواکراوی تێدایە، چونکە پەیوەندیە لەنێوان ژن ومێردەکەی، هەریەکەیان مافی هەیە بەسەر ئەوی ترەوە: مافی لاشەیی وکۆمەڵایەتی ودارایی.

بۆیە پێویستە لەسەر هەریەک لە هاوسەرەکان بەچاکە مامەڵە لەگەڵ ئەوی تردا بکات، ودەبێت ئەو مافەی واجبە لەسەری جێبەجێی بکات بە لێبووردەیی وئاسانی بەبێ ناچارکردنی بەرامبەر و بەبێ دواخستن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ...﴾ [النساء:١٩] واتە: ﴿...هاوژینییان بەجوانی لەگەڵدا بەرنەسەر...﴾، وخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ...﴾ [البقرة:٢٢٨] واتە: ﴿...ژنان مافیان هەیە بەسەر پیاوانەوە بەوێنەی ئەو مافانەی کە بۆ پیاوانە لەسەر ژنان بەگوێرەی باو و نەریتێک کە پەسەندە لە ئیسلامدا و پیاوان بەسەر ئافرەتانەوە یەک پلەیان هەیە (ئەویش دەسەڵاتی گێڕانەوەی ژنەکانیانە لەکاتی تەڵاقی ڕەجعیدا)...﴾، واجبە لەسەر ئافرەت مافەکانی مێردەکەی جێبەجێ بکات.

ئەگەر هەردووکیان مافە واجبەکانی جێبەجێ کرد دەرهەق بەئەوی تر ئەوا ژیانێکی بەختەوەر دەژین، وپەیوەندی وجوان مامەڵەییان بەردەوام دەبێت، وئەگەر بە پێچەوانەوە بێت ئەوا ناکۆکی ولێکترازان دروست دەبێت، وژیانی هەردوویان ناڕەحەت دەبێت.

دەقی زۆر هاتووە سەبارەت بە جوان مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەت، وڕەوچاوکردنی حاڵی، وکامڵی حاڵ ومامەڵە ؛ شتێکی مەحاڵە، چونکە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «ئامۆژگاریتان دەکەم بە نەرم ونیانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتدا؛ چونکە ئافرەت لە پەراسوو دروستکراوە، وچەماوەترین بەشی پەراسوو بەشی سەرەوەیەتی، ئەگەر هەوڵبدەیت ڕێکی بکەیتەوە دەیشکێنیت، وئەگەر وەکو خۆی جێی بهێڵیت؛ ئەوا هەر بە چەماوەیی دەمێنێتەوە، بۆیە بە نەرم ونیانی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکەن»، ولە گێڕانەوەیەکدا: «ئافرەت لە پەراسوو دروستکراوە، وبۆ تۆ ڕێک وکامڵ نابێت لەهەموو حاڵەتێکدا، وئەگەر چێژی لێوەربگریت، ئەوا چێژی لێوەردەگریت وچەماوەیی هەر تێدایە، وئەگەر هەوڵبدەیت ڕێکی بکەیتەوە دەیشکێنیت، وشکاندنەوەی بریتیە لە تەڵاقدانی»، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «با هیچ پیاوێکی ئیماندار ڕقی لە ئافرەتێکی ئیماندار نەبێتەوە، ئەگەر ڕقی لە ڕەوشتێکی بێت؛ ئەوا ڕەوشتێکی تری لە لا پەسەندە» [رواه مسلم]، لەم فەرموودەیەدا: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی ئومەتەکەی دەکات سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی پیاو لەگەڵ ژنەکەی؟ وپێویستە پیاو بەختەوەر بێت لەگەڵ خێزانەکەی بەوەی هەیە؛ چونکە سروشتی ئافرەت وایە کامڵ نیە، بەڵکو هەر لاریەکی تێدا دەبێت، وپیاو تەنها ئەو کاتە دەتوانێت چێژی لێوەربگرێت ئەگەر لەسەر سروشتی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکات کە لەسەری دروستکراوە.

لەم فەرموودانەوە ئەم سوودە وەردەگرین: پێویستە پیاو بەراوردی چاکە وخراپەکانی ژنەکەی بکات، ئەگەر ڕقی لە ڕەوشتێکی بێت ئەوا ڕەوشتێکی تری هەیە کە پێی ڕازیە، ونابێت تەنها بەچاوی تورەیی وڕەقەوە سەیری بکات.

زۆرێک لە هاوسەرەکان ژیانی کامڵیان دەوێت لەهاوسەرەکانیان، وئەمە شتێکی مەحاڵە، ئەگەر ئەمە مەبەستیان بێت ئەوا دەکەنەوە نێو نارەحەتی وتاڵی ژیانەوە وناتوانن چێژ وەربگرن لە هاوسەرەکانیان، ولەوەیە ئەمە ببێتە هۆی تەڵاقدان، هەروەکو پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «وئەگەر هەوڵبدەیت ڕێکی بکەیتەوە دەیشکێنیت، وشکاندنەوەی بریتیە لە تەڵاقدانی» ؛ بۆیە پێویستە لەسەر مێرد ئاسانکار بێت وچاوپۆشی لە هەندێک شت بکات دەرهەق بە خێزانەکەی ئەگەر سەبارەت بە ئاین وشەرەف نەبێت.

لە مافەکانی ژن لەسەر مێرد: ئەوەی لەسەری واجبە جێبەجێی بکات بۆی لە خەرجکردن ودابینکردنی خواردن وخواردنەوە وشوێنی نیشتەجێبوون وهتد؛ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَعلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ...﴾ [البقرة:٢٣٣] واتە: ﴿...پێویستە لەسەر ئەو کەسەی خاوەنی منداڵەکەیە (واتە باوکی یان بەخێوکاری) ڕزق و ڕۆزی و پۆشاک بە شێوەیەکی جوان و پەسەندی ئایین ئامادە بکات...﴾، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «وئەوان -ژنەکانتان- پێویستە لەسەرتان ڕزق وپۆشاکیان بۆ دابین بکەن بەشێوەیەکی چاک -بە جوانی وپەسەندکراو لە ئایندا-»، پرسیار لە پێغەمبەری خودا کرا -صلى الله عليه وسلم- : ئایا مافی خێزانی یەکێک لە ئێمە چییە لەسەرمان؟ ئەویش فەرمووی: «خۆراکی پێببەخشیت ئەگەر خۆت خۆراکت خوارد، وجلی پێببەخشیت ئەگەر خۆت جلت لەبەرکرد -یان پارەی پێببەخشیت ئەگەر پەیدات کرد-، وبە لێدان لە دەموچاوی نەدەیت، وپێی نەڵێیت خوا ڕووت ڕەش بکات -وجوێنی پێنەدەیت-، وقسەی لەگەڵ دانەبڕیت (هەجری نەکەیت -بەجێی نەهێڵیت-) مەگەر تەنها لە نێو ماڵدا نەبێت» [رواه أبو داود].

له مافەكانی ژن لەسەر مێردەكەی: دادپەروەر بێت لەنێوان ئەو وهەوێكەی ئەگەر ژنێک زیاتری هەبوو، دادپەروەر بێت لەنێوانیان لەڕوانگەی خەرجی ونیشتەجێبوون وشەومانەوە وهەموو ئەوەی تێیدا دەتوانێت دادپەروەر بێت، ئەگەر لە یەكێک لەو شتانەی كە دەتوانێت تێیدا دادپەروەر بێت مەیلی بۆ لای یەكێكیان زیاتر بێت ؛ ئەمە لە تاوانە گەورەكانە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەركەسێک دوو ژنی هەبێت مەیلی بۆ لای یەكێكیان زیاتر بێت؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دێت و لایەكی لاشەی لارە». بەڵام ئەوەی ناكرێت دادپەروەری تێدا جێبەجی بكرێت؛ وەكو خۆشەویستی وئارامی نەفس، لەمەدا گوناهبار نابێت؛ چونكە لەتوانایدا نیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَن تَسْتَطِيعُواْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ النِّسَاء وَلَوْ حَرَصْتُمْ...﴾ [النساء:١٢٩] واته: ﴿هەرگیز ئێوە ناتوانن لە نێوان هاوسەرەكانتاندا دادپەروەرانە ڕەفتار بكەن، لە كاتێكدا ئەگەر زۆریش سوور بن لەسەری...﴾.

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەوەی لەتوانایدا بووایە بە دادپەروەری دابەشی دەكرد لەنێوان خێزانەكانی، ودەیفەرموو: «خودایە ئەمە بەشكردنی منە لەوەی لە توانامدایە، بۆیە لۆمەم مەكە لەوەی لە توانای تۆدایە ولە توانای مندا نیە»، بەڵام ئەگەر یەكێكیان پێش بخات لەڕوانگەی شەو مانەوە لە لای ؛ بەڕەزامەندی ئەوی تر یان ئەوانی تر ئەوا ئاساییە، وەكو مانەوەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ عائیشە لە شەوی سەودەدا چونكە سەودە شەوەكەی خۆی بەخشی بە عائیشە، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەو نەخۆشیەی تێیدا وەفاتی كرد ؛ پرسیاری دەكرد: «من بەیانی لە كوێم؟ من بەیانی لە كوێم؟»، خێزانەكانی ئیزنیان پێدا بەوەی لە هەرشوێنێک دەیەوێت بمێنێتەوە، بۆیە لە ماڵی عائیشە بوو كاتێک كۆچی دوایی كرد.

سەبارەت بە مافەکانی مێرد لەسەر ژن گەورەترە لە مافەکانی ئەو لەسەر مێردەکەی، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿..وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ..﴾ [البقرة:٢٢٨] واتە: ﴿..ژنان مافیان هەیە بەسەر پیاوانەوە بەوێنەی ئەو مافانەی کە بۆ پیاوانە لەسەر ژنان بەگوێرەی باو و نەریتێک کە پەسەندە لە ئیسلامدا و پیاوان بەسەر ئافرەتانەوە یەک پلەیان هەیە (ئەویش دەسەڵاتی گێڕانەوەی ژنەکانیانە لەکاتی تەڵاقی ڕەجعیدا)..﴾، وپیاو سەرپەرشتیاری ئافرەتە، وبەرژەوەندیەکانی بۆ جێبەجێ دەکات وپەروەردە وئاراستەی دەکات، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ...﴾ [النساء:٣٤] واتە: ﴿پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر هاوسەرەکانیانەوە، ئەمەش بەهۆی ڕێزو زیادە ئەرکێکەوە کە خوا داویەتی بەهەندێک بەسەر هەندێکی تردا (سەرەڕای ئەوەی کە)پیاوان لەماڵ و سامانیان خەرج دەکەن (لە پێناوی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ئافرەتاندا)...﴾.

لە مافەکانی مێرد لەسەر ژنەکەی: گوێڕایەڵی بکات ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە نەبێت، وبیپارێزێت لە نهێنی وسامانەکەیدا، و پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «ئەگەر فەرمانم بکردایە یەکێک سوجدە بۆ یەکێکی تر ببات؛ ئەوا فەرمانم دەکرد بە ئافرەت کە سوجدە بۆ مێردەکەی ببات». وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر پیاوێک خێزانەکەی بانگ بکات بۆ سەرجێگایی کردن (جیماع کردن) وئافرەتەکە ڕەتی بکاتەوە، وپیاوەکە شەوی بەسەردا بێت ولێی توڕەبێت؛ ئەوا فریشتەکان نەفرەت لەو ئافرەتە دەکەن هەتا بەیانی بەسەردا دێت».

ولە مافەکانی مێرد لەسەری: نابێت کردەوەیە بکات ببێتە هۆی لەدەستدانی کامڵی چێژوەرگرتن ئەگەرچیش کردەوەکە پەرستنێکی سونەت

بێت؛ چونكە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:«حەڵاڵ نیه بۆ ئافرەت ڕۆژوو بگرێت لەكاتێكدا پیاوەكەی ئامادەیە مەگەر بەئیزنی ئەو نەبێت، ونابێت ئیزن بدات بە هاتنی كەسێک بۆ نێو ماڵی مەگەر پاش ئیزنی ئەو نەبێت».

پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- یەكێک لەهۆكارەكانی چوونە بەهەشتی ئافرەتی ڕوونكردووەتەوە ئەویش ئەوەیە مێردەكەی لێی ڕازی بێت، لە [الترمذي]دا هاتووە لە ئوم سەلەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەر ئافرەتێک بمرێت ومێردەكەی لێی ڕازی بێت ؛ دەچێتە بەهەشتەوە».

*******

## مافی حەوتەم : مافی فەرمانڕەوا وخەڵكی -فەرمانپێكراو-

فەرمانڕەوا -كاربەدەست-: ئەوانەن كە كاروباری مسوڵمانان بەدەستی ئەوانە، ئەگەر فەرمانڕەوایی گشتی بێت وەكو سەرۆكی یەكەم لە وڵاتدا، یان سەرۆكایەتی تایبەت وەكو بەڕێوبەری فەرمانگەیەک یان كارێكی دیاریكراو، وهەموویان مافیان هەیە واجبە لەسەر خەڵكی -فەرمانپێكراوەكان: ژێردەستەكانیان- جێبەجێیان بكەن، وهەروەها ژێردەستەكانیان مافیان هەیە لەسەریان دەبێت فەرمانڕەواكان جێبەجێی بكەن.

مافەكانی فەرمانپێكراوەكان لەسەر فەرمانڕەواكانیان: ئەو سپاردەی خوای گەورە پێیانی سپاردووە وپابەندیانی كردووە پێی ؛ دەبێت جێبەجێی بكەن، لە ئامۆژگاری بۆ خەڵكی وپەیڕەوكردنی مەنهەجێكی دامەزراو كە بەرژەوەندی دونیا وقیامەتی ئەوانی تێدایە.ئەمیش بە شوێنكەوتنی ڕێبازی ئیمانداران، كە ئەو ڕێبازەیە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لەسەری بووە؛ چونكە مایەی بەختەوەریە بۆ خۆی وخەڵكی، ودەبێتە هۆی ڕازیبوونی فەرمانپێكراوەكان لە فەرمانڕەواكانیان، ودامەزراندنی پەیوەندیەكی

پتەوە لەنێوانیان، وهەروەها ملكەچبوون بۆ فەرمانەكانیان وپاراستنی ئەو سپاردانەی پێیان دەسپێرن، هەركەسێک تەقوادار بێت وله خوای گەوره بترسێت ؛ هەیبەتدار دەبێت لەلای خەڵكی، وهەركەسێک مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەوره بێت ؛ ئەوا چاوی لەدەستی خەڵكی نابێت وخەڵكیش لێی ڕازی دەبن، چونكە دڵەكان بەدەستی خوای گەورەیە چۆن بیەوێت ئاڕاستەی دەكات.

سەبارەت بە مافی فەرمانڕەواكان لەسەر خەڵكی -فەرمانپێكراوەكان-: ئامۆژگاری كردنیان لەو فەرمان وئەركانەی پێی دەسپێردرێت، وبیرهێنانەوەیان ئەگەر تووشی بێئاگایی وكەمتەرخەمی بوون، ونزا كردن بۆیان ئەگەر له هەق وڕاستی لایان دا، وجێبەجێكردنی فەرمانەكانیان ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خوای گەوره نەبێت؛ ئەگەر هەردوولا بەم شێوەیە بن ئەوا دەوڵەت وفەرمانگە وكار دامەزراو وڕێک دەبێت، وسەرپێچیكردنیان دەبێتە هۆی تەشەنەكردنی پشێوی وخراپبوونی هەموو شتێک، بۆیە خوای گەوره فەرمانیكردووە بە گوێڕایەڵیكردنی وگوێڕایەڵیكردنی پێغەمبەرەكەی وگوێڕایەڵیكردنی فەرمانڕەواكان، خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ...﴾ [النساء:٥٩] واتە: ﴿ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەرداروو گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرو فەرمانڕەواكان بكەن كە لە خودی خۆتانن (له بیروباوەڕو پابەندیدا)...﴾، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «پێویستە لەسەر مسوڵمان گوێڕایەڵ بێت وفەرمانەكان جێبەجێبكات له هەرشتێک پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت، مەگەر فەرمانی پێبكرێت بە ئەنجامدانی تاوانێک؛ ئەگەر فەرمانی پێكرا بە ئەنجامدانی تاوانێک ئەوا نابێت گوێڕایەڵ بێت ونابێت فەرمانەكە جێبەجێبكات» [متفق علیه].

له عبداللەی كوڕی عەمرو -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بووین له سەفەرێكدا، له شوێنێک

وەستاین، هەندێکمان خێمەکەی چاکدەکرد، وهەندێکمان پێشبڕکێی نیشان شکێنیان دەکرد، وهەندێکی ترمان خەریکی ئاژەڵەکانی بوو، هەواڵدەری پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بانگی کرد: بۆ نوێژ کردن کۆببنەوە، ئێمەش کۆ بووینەوە لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، وفەرمووی: «هەر پێغەمبەرێک لە پێش من هاتبێت ماف بووە لەسەری کە ڕێنیشاندەری ئومەتەکەی بێت بۆ ئەو شتانەی کە دەزانێت خێرە بۆیان، وئاگاداریان بکاتەوە لەو شتانەی کە دەزانێت شەڕە بۆیان، ئەم ئومەتەی ئێوە سەلامەت بوونی لە سەردەمەکانی سەرەتایدایە، وسەردەمەکانی کۆتایی ئەم ئومەتە تووشی بەڵا وتاقیکردنەوە دەبێت وتووشی شتانێک دەبن کە ئێوە ئینکاریان لێدەکەن لەسەر ئەو کردەوانەیان، وفیتنە وتاقیکردنەوەکان هەتا دێت گەورەتر دەبن وئەوانەی پێشووتر بچووکتر دەبنەوە، فیتنە وبەڵای ئەوتۆ تووشی ئیماندار دەبێت کە دەڵێت: لەم فیتنەیەدا تیا دەچم، پاشان فیتنەکە نامێنێت، ودانەیەکی تر دێت، ئیماندار دەڵێت: ئەمەتا ئەمەتا (تیا چوونم). بۆیە ئەوەی حەز دەکات ڕزگاری بێت لە دۆزەخ، وبچێتە بەهەشتەوە، ئەوا با بمرێت لەسەر باوەڕهێنان بە ( اللّٰه ) وڕۆژی دوایی، وبا بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکات کە ئەو حەز دەکات بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وهەرکەسێک بەیعەت بە پێشەوایەک بدات؛ ودەستی بگرێت ودڵسۆزی خۆی بۆ دەرببڕێت، با بە گوێرەی توانا گوێڕایەڵی بکات، ئەگەر کەسێکی تر هات بۆ ئەوەی لەسەر دەسەڵات لای بەرێت؛ ئەوا لە گەردنی ئەو کەسەی تر بدەن» [رواه مسلم].

پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد -صلی الله علیه وسلم-، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، هەواڵمان پێبدە ئەگەر کاربەدەستانێک داوای مافی خۆیان لە ئێمە بکەن، ومافی ئێمە نەدەن، ئایا فەرمانی چیمان پێدەکەیت؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئاوڕی دا بە لایەکی تردا، پاشان پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی:

«گوێڕایەڵ بن وفەرمانەكان جێبەجی بكەن، تاوانی كەموكوڕیەكان لەسەر خۆیانە، وتاوانی گوێڕایەڵی نەكردن لەسەر ئێوەیە» [رواە مسلم].

وله مافەكانی فەرمانڕەوا لەسەر فەرمانپێكراوەكان: یارمەتیدانی فەرمانڕەوا لە ئەركەكانیان، بەشێوەیەک یارمەتیدەریان بن لە جێبەجێكردنی ئەو فەرمانەی پێیان سپێردراوە، وهەموو یەكێک بزانێت ئەرک وبەرپرسیاریەتی چیە لە كۆمەڵگادا بۆئەوەی كارەكان بەو شێوەیە جێبەجێ ببن كە داواكراوە؛ چونكە ئەگەر فەرمانڕەواكان یارمەتی نەدرێن لەلایەن فەرمانپێكراوەكانەوە ئەوا داواكراو نایەتە دی.

*******

## مافی حەوتەم : مافی دراوسێ

دراوسێ: ئەوەیە كە ماڵی نزیكە لە تۆوە، ومافی گەورەی لەسەرت هەیە، ئەگەر نزیک بێت لە ڕەچەڵەكەوە ومسوڵمان بێت، ئەوا سێ مافی هەیە: مافی دراوسێیەتی، وخزمایەتی، وئیسلامەتی، وئەگەر مسوڵمان بێت وخزمت نەبێت، ئەوا دوو مافی هەیە: مافی دراوسێیەتی، وئیسلامەتی، وئەگەر خزمت بێت، ومسوڵمان نەبێت، دوو مافی هەیە: مافی دراوسێیەتی، وخزمایەتی، وئەگەر خزم نەبێت، ومسوڵمان نەبێت، یەک مافی هەیە: ئەویش مافی دراوسێیەتیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ...﴾ [النساء:٣٦] واتە: ﴿...و چاكەكار بن لەگەڵ دایک و باوكتان و خزمان و هەتیووان و هەژاران و دراوسێی خزم ونزیک و دراوسێی بیانیدا...﴾، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «جبريل -عليه السلام- بەردەوام ئامۆژگاری و وەسیەتی دەكردم سەبارەت بە دراوسێ؛ هەتا گومانم وابوو كە دراوسێیش میرات وەردەگرێت -لە دراوسێكەی-» [متفق عليه].

لە مافەكانی دراوسێ بەسەر دراوسێوە: چاكەكاری بەرامبەری هێندەی دەتوانێت بە سامان وپشتیگری لێكردنی وسود پێگەیاندنی، پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرموویەتی: «خێرترین وباشترین دراوسێ لەلای خوای گەورە ؛ خێرترین وباشترینیانە بۆ دراوسێكەی»، وفەرموویەتی: «هەركەسێک باوەڕی بە خوا ورۆژی دوایی هەیە با چاكەكار بێت بەرامبەر دراوسێكەی»، وهەروەها فەرموویەتی: «ئەگەر شۆربات لێنا ئەوا ئاوی زۆر تێبكە، وهەندێكی ببەخشە بە دراوسێكانت».

ولە چاكەكاری بەرامبەر دراوسێ: پێشكەشكردنی دیاری بۆی لەكاتی بۆنەكاندا، چونكە دیاری بەخشین دەبێتە هۆی دروستبوونی خۆشەویستی، ونەهێشتنی دوژمنایەتی.

ولە مافەكانی دراوسێ: ئازار نەدانیەتی، نە بە قسە و نە بە كردەوە، چونكە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «واللّٰه ئیمانی -تەواو- نیە، واللّٰه، ئیمانی -تەواو- نیە، واللّٰه، ئیمانی -تەواو- نیە»، ووتیان: كێ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «ئەوەی كە دراوسێكەی پارێزراو -ئەمین- نییە لە شەڕی»، ولە گێڕانەوەیەكدا: «ناچێتە بەهەشتەوە ئەو كەسەی كە دراوسێكەی سەلامەت نییە لە شەڕ وخراپەی»، وشەی «البوائق» -كە لە دەقی فەرموودەكەدا هاتووە- واتا: شەڕ وخراپەكاری، ئەوكەسەی دراوسێكەی پارێزراو نەبێت لە شەڕ وخراپەكارییەكانی ئەوكەسە ئیمانداری تەواو نیە، وناچێتە بەهەشتەوە.

زۆرن لەو خەڵكانەی گوێنادەن بە مافی دراوسێ، ودراوسێكانیان دوور نین لە شەڕ وزیانیان، دەبینیت بەردەوام ناكۆكن لەگەڵیان ودەستدرێژی دەكەنە سەر مافەكانیان، بە قسە یان بە كردەوە یان بە هەردوویان ئازاریان دەدەن، هەموو ئەمانە پێچەوانەی ئەوەیە كە خوای گەورە وپێغەمبەرەكەی فەرمانیان پێكردووە، چونكە دەبێتە هۆی پەرتەوازەبوونی مسوڵمانان،

ودووركەوتـنەوەی دڵیـان لەیەكتـر، وسـنوور وحورمەتیـان بەرامـبەر یەكتـر نامێنێت.

*******

## مافی نۆیەم : مافی مسوڵمانان بەشێوەیەكی گشتی

ئەم مافـانە زۆرن، تێیانـدا لە فەرمـوودەكەی بوخاریـدا هـاتووە، پێغەمبەری خودا -صلى الله علـيه وسـلم- دەفەرموێت: «مـافی مسـوڵمان لەسـەر مسـوڵمان شـەش دانەیە: ئەگەر پێـی گەیشـت سـەلامی لێبكـات، ئەگەر داوەتـی كـرد وەڵامـی بـداتەوە، ئەگەر داوای ئامۆژگـاری لێكردیـت ئامۆژگاری بكات، ئەگەر پژمی و ووتی: (الحمـد لـله) وەڵامـی بـدەرەوە (بڵـێ: یرحمـك اللّه)، ئەگەر نەخـۆش كەوت سـەردانی بكـات، ئەگەر مـرد شـوێنی جەنـازەكەی بكەوێـت». لەم فەرمـوودەیەدا هەنـدێك لە مافەكـانی نێـوان مسوڵمانان ڕوونكراوەتەوە:

مـافی یەكەم: سـەلامكردن، سـەلامكردن سـونەتێكە جەختـی لەسـەر كـراوەتەوە، ولە هۆكـاری تەبـایی ویەكڕیـزی وپتەوبـوونی پەیوەنـدی خۆشەویسـتیە لەنێوانیـان، وئەمەش بینـراوە وجێبەجـێ بـووە، ولە فەرمووەدەیەكدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی بـۆ ئەنجامـدانی كردووە:«سوێند بە ئەو زاتەی كە نەفسی منی بە دەستە، ناچنە بەهەشتەوە هەتا ئیمان نەهێنن، وئیمـان نـاهێنن هەتـا یەكترتـان خـۆش نەوێـت، ئایـا شتێكتان پێ بڵێم كە بەهۆیەوە یەكترتان خـۆش دەوێـت؟ سـەلام كـردن لە نێوانتان بڵاو بكەنەوە».

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سـەرەتا سـەلامی دەكـرد لە ئەوانەی پێیان دەگەیشت، وسەلامی دەكرد لە منداڵان ئەگەر بەلایان تێـپەڕ بووایە.

سـونەت وایە ئەوەی تەمەنـی بچـووكترە سـەلام بكـات لە ئەوەی تەمەنی گەورەترە، وژمارەی كەم سەلام بكات لە ژمارەی زۆر، وئەوەی سواریە سەلام بكات لە ئەوەی ڕێـدەكات، ئەگەر ئەوەیـان لەسـونەتدا لەپێشـترە بـۆ سەلام كردن ؛ سەلامی نەكـرد بـا ئەوەی بەرامـبەر سـەلام بكـات، بـۆئەوەی پاداشتی سەلام كردنیان لەدەست نەچێت.

عەماری كوڕی یاسر -ڕەزای خوای لێبێت- دەفەرموێت: «سـێ شـت لە هەركەسێكدا هەبێت ئەوا ئیمانی كاملە: دادپەروەر بیـت تەنـانەت دەرهەق بە نەفسـی خـۆتیش، وسـەلامكردن لە هەمـوو كەسـێك، وبەخشـین هەرچەندە كەمیش لەنێو دەستدا بێت».

ئەگەر دەستپێكردن بە سەلامكردن سونەت بێـت ئەوا وەڵامـدانەوەی فەرزی كیفایەتە، واتە ئەگەر یەكێك لە نێو كۆمەڵێك وەڵامی بـداتەوە ؛ ئەوا واجبێتی وەڵامدانە لەسەر ئەوانی تـر لادەچێـت. خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَإِذَا حُيِّيْـتُم بِتَحِيَّـةٍ فَحَيُّـواْ بِأَحْسَـنَ مِنْهَـا أَوْ رُدُّوهَـا...﴾ [النسـاء:٨٦] واتە: ﴿هەركاتێک سەلامتان لێكرا ئەوە بـەجوانتر لـە سـەلامی ئـەو یـاخود (هـیچ نەبێت) وەكو خـۆی وەڵام بدەنـەوە،..﴾، تەنهـا بەس نـیە بـۆ وەڵامـدانەوەی سەلام بڵێت: «چۆنی وباشی یان هاوشێوەی ئەمە»؛ چونكە ئەمە باشتر نـیە لە سـەلامكردنەكە و وەكـو سـەلامكردنەكەیش نـیە، ئەگەر بڵێـت: «السـلام علیكم»، دەبێت وەڵامبدرێتەوە بە: «وعلیكم السلام»، وئەگەر پاشـان ووتـی: «چۆنی بەخێر بێیت»، با بەرامبەریش هەمان شت بڵێـت یـان زیـاتر چـونكە باشترە.

مافی دووەم: «ئەگەر داوەتی كردیـت وەڵامـی بـدەرەوە»؛ واتـا : ئەگەر بانگی كردیت بۆ ماڵەكەی بۆ خواردن، یان بۆ سـەردانی ؛ وەڵامـی بـدەرەوە، و وەڵامدانەوەی داوەتی سونەتێكە كە زۆر جەختی لەسەر كـراوەتەوە؛ چـونكە دڵ نەشـكاندنی بەرامـبەرە، وهەروەهـا دەبێـتە هـۆی دروسـتبوونی تەبـایی وخۆشەویستی ویەكڕیزی.

بەڵام ئەمە وەلـیمە نـاگرێتەوە ؛ ئەمـیش ئەو خـواردنەیە دروسـت دەکرێت بەهۆی هاوسەرگیریەوە، چـونکە وەڵامـدانەوەی وەلـیمە واجـبە بە مەرجە ئاشکراکانی؛ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێـت: «وهەرکەسێک وەڵام نەداتەوە ئەوا سەرپێچی فەرمانی خوا وپێغەمبەرەکەی کردووە».

وکاتێـک دەفەرموێـت: «ئەگەر بـانگی کردیـت وەڵامـی بـدەرەوە» ئەمە تەنـانەت بـانگکردنیش دەگـرێتەوە بـۆ یارمەتیـدانی، تـۆ فەرمانپێکراویـت بە وەڵامدانەوەی، ئەگەر بانگی کردیت بۆ یارمەتیدانی لە هەڵگرتنی شتیک یـان فرێدانی یان هتد ؛ تۆ فەرمانپێکراویت وەڵامی بدەیتەوە،چونکە پێغەمـبەری خودا -صـلى الـله علـيه وسـلم- دەفەرموێـت: «ئیمانـدار بـۆ ئیمانـدار وەکـو بینایەک وایە کە بەشێک بەشێکی تری پتەو دەکات -پاڵپشتی دەکات-».

مافی سێیەم: «ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێکردیت ئامۆژگاری بـکە»؛ واتە ئەگەر هـات بـۆ لات پێویسـتی بە ڕاوێـژ وئامۆژگـاری هەبـوو ئەوا پێویسـتە دڵسـۆز وڕاسـتگۆ بیـت لە ئامۆژگـاریکردنی چـونکە ئەمە بەشـێکە لە دیـن، هەروەکـو پێغەمـبەر -صـلى الـله علـيه وسـلم- دەفەرموێـت: «ئـاین ئامۆژگارییە» (تەمیم) دەڵێت: ووتمـان: بـۆ کـێ؟ واتـا (ئـاین ئامۆژگـارییە بـۆ کێ؟)، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بۆ خـودا، وبـۆ کتێـبەکەی، وبۆ پێغەمبەرەکەی، وبۆ پێشەوای مسوڵمانان وتێکڕای مسوڵمانان».

ئەگەر نەهات داوای ئامۆژگاریت لێبکات، وتووشی زیانێک یان تاوانێـک هاتبێت ؛ ئەوا واجبە لەسەرت ئامۆژگاری بکەیت بـۆئەوەی دوور بکەوێـتەوە لە زیـان وتـاوانەکە، ئەگەرچـیش ئەو نەهـات داوای ئامۆژگاریـت لێبکـات؛ چونکە ئەمە لابردنی زیان وخراپەیە لەسەر مسوڵمانان، بەڵام ئەگەر تووشـی زیان وتاوان نەبێت لەو کـارەی دەیکـات، بەڵام تـۆ پێـت وایە شـتی تـر هەیە بەسوودترە لەم کـارە، ئەوا واجـب نـیە لەسـەرت هیچـی پـێ بڵێیـت مەگەر

خۆی داوای ڕاوێژ وئامۆژگاری بكات، ئەو كات تۆیش بەپێی توانا ئامۆژگاری دەكەیت.

مافی چوارەم: «ئەگەر پژمی، ووتی: الحمد لله [بەمانای حەمد وسوپاس بۆ الله]، ئەوا تۆش وەڵامی بدەرەوە، -واتا بڵێ: يرحمک الله [بەمانای: خودا ڕەحمت پێبكات]-»؛ بۆ سوپاسكردنی لەسەر ئەوەی حەمد وستایشی پەروەردگاری كرد لەكاتی پژمین، وئەگەر پژمی ونەیووت : الحمد لله، لەم حاڵەتەدا هیچ مافێكی نیە، بۆیە وەڵامی نادرێتەوە.

نزا كردن بە ڕەحمەت بۆئەوەی دەپژمێت ؛ فەرزە، و واجبە ئەوەی نزا دەكات ؛ وەڵامی بدرێتەوە، بۆیە ئەوەی پژمیوە پێی دەڵێت: «يهديكم الله و يصلح بالكم» واتە: «خوای گەورە هیدایەتتان بدات وحاڵتان چاك بكات».

وئەگەر بەردەوام بوو لەسەر پژمین، وسێ جار وەڵامی دایەوە، ئەوا لە چوارەم جاردا پێی دەڵێت: «عافاک الله» واتە: «خوای گەورە لەش ساغیت پێببەخشێت»، لەجیاتی ووتنی: «یرحمک الله».

مافی پێنجەم: «ئەگەر نەخۆش كەوت ؛ سەردانی بكە»، وسەردانیكردنی نەخۆش مافی مسوڵمانە لەسەر برای مسوڵمانی، بۆیە واجبە جێبەجێی بكات، هەرچەندە نەخۆشەكە مافی لەسەرت زیاتر بێت لەڕوانگەی خزمایەتی وهاوڕێیەتی ودراوسێیەتی ئەوا سەردانیكردنیشی زیاتر جەختی لەسەر كراوەتەوە.

سەردانیكردنی نەخۆش بەپێی حاڵی نەخۆشەكەیە، لەوەیە پێویست بكات زۆ سەردانی بكرێت وەكو بۆ نمونە دابینكردنی پێداویستیەكانی ودڵدانەوەی، یان لەوەیە پێویست بكات كەم سەردانی بكرێت بەهۆی نارەحەتی حاڵەتەكەی، بۆیە باشتر وایە ڕەچاوی حاڵی بكرێت.

وسونەت وایە بۆ ئەو كەسەی سەردانی نەخۆش دەكات: پرسیار لە حاڵی بكات وئارامی بكاتەوە، ونزای بۆ بكات ودەرگای هیوای لەسەر بكاتەوە؛

چونكە ئەمە گەورەترين هۆكارە بۆ باش تەندروستى وشـيفا، ودەبێـت تەوبە كردنى بەبيردا بهێنێتەوە بەشێوەيەک تووشى ترسى نەكـات، بـۆ نمـونە پێـى دەڵێـت: تـۆ بەهـۆى ئەم نەخۆشـيەوە خێـر وچـاكەت دەسـتدەكەوێت، ونەخۆشـى دەبێـتە هـۆى لێخۆشـبوون لە گوناهــ وتاوانەكـان، ونەخـۆش كەوتنت لەسـەر جێگـا دەبێـتە هـۆى بەدەسـت خسـتنى پاداشـتێكى زۆر بە يادى خواى گەورە وتەوبە وئيستيغفار ونزا كردن.

مافى شەشەم: «ئەگەر مـرد ؛ شـوێنى جەنـازەكەى بكەوێـت»، چـونكە شـوێنكەوتنى جەنـازە لە مافەكـانى مسـوڵمانە لەسـەر بـراى مسـوڵمانى، وپاداشــتى زۆرى تێــدايە، پێغەمــبەرى خــودا -صـلى الـله علـيه وسـلم- دەفەرموێـت: «ئەوەى ئامـادەى جەنـازە بێـت ونـوێژى لەسـەر بكـات؛ ئەوا قيراتێكى بۆ هەيە، وئەوەى ئامـادە بێـت هەتـا لە گـۆڕ دادەنرێـت؛ ئەوا دوو قيراتـى بـۆ هەيە، ووتـرا: دوو قيـرات چيـيە؟ فەرمـووى: «وەكـو دوو شـاخى مەزن».

لە مافەكانى مسوڵمان لەسەر مسوڵمان: دوورخستنەوەى شەڕ وزيانە لێـى، چونكە ئازاردانى مسوڵمان تاوانێكى گەورەيە، خواى گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَـبُوا فَقَـدِ احْتَمَلُـوا بُهْتَانًـا وَإِثْمًا مُّبِينًا﴾ [الأحـزاب:٥٨] واتە: ﴿ئەوانـەش كـە ئـازارى ئيمانـداران لە پيـاو وئافرەتـان دەدەن بێئـەوەى تاوانێكيـان ئەنجامـدابێت، ئەوانـە بوختـان و گوناهو تاوانێكى ئاشكرا دەگرنە ئەستۆ﴾.

زۆر جـار ئەگەر كەسـێک بيەوێـت بە ئـازار وزيـان پێگەيانـدن زاڵ بێـت بەسـەر براكەيـدا ؛ ئەوا خـواى گەورە لە دونيـادا تـۆڵەى لێـدەكاتەوە پـێش قيامەت،پێغەمبەرى خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «حەسـودى بە يەكتــرى مەبەن، و(فێـڵ مەكەن لە مەزاددا -لا تناجشــوا-)، ورِقتــان لە يەكترى نەبێتەوە، وپشت لە يەكترى مەكەن، ولە سەر فرۆشتنى يەكتر شت مەفرۆشن، وبەندەى خـودا بـن بە بـرايەتيەوە، مسـوڵمان بـراى مسـوڵمانە؛

ستەمی لێناكات وسەرشۆڕی ناكات وبە درۆی ناخاتەوە وبە چاوی سووك وكەم سەیری ناكات، وتەقواداری لێرەدایە -سێ جار ئاماژەی بۆ سینگی كرد- بەسە بۆ مسوڵمانێك كە ئەوەندە شەڕ وخراپەی لە خۆ گرتبێت كە برای مسوڵمانی بە كەم بزانێت وبە چاوی سووك سەیری بكات، هەموو شتێكی مسوڵمان لەسەر مسوڵمانێكی تر حەرامە: خوێنی وماڵی (پارە ومولْكی) وناموسی (ناوبانگی)».

مافەكانی مسوڵمان لەسەر مسوڵمان زۆرن، بەڵام دەكرێت هەمووی پوخت بكرێتەوە لەم فەرموودەیەدا كە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:«مسـولْمان بـرای مسـولْمانە»، هەركاتێـك مسـولْمان ئەوەی داواكراوە لەم برایەتیەدا جێبەجێی بكات ؛ ئەوا كۆشش دەكات بۆئەوەی برا موسوڵمانەكەی تووشی هەموو خێرێك بێت ودوور بكەوێتەوە لە هەموو شتێك كە زیانی پێدەگەیەنێت.

*******

## مافی دەیەم : مافی نا مسوڵمانەكان

نا مسوڵمانەكان ؛ هەموو كافرەكان دەگرێتەوە، كە دابەش دەبن بەسەر چوار بەشدا :

١- ئەوانەی دەجەنگن دژی مسوڵمانان.

٢- ئەوانەی داوا پەنابەرێتی وپاراستنیان دەكەن.

٣- ئەوانەی پەیمانیان هەیە لەگەڵ مسوڵمانان.

٤- ئەوانەی لەنێو مسوڵمانان دەژین.

١- ئەوانەی دەجەنگن دژی مسـوڵمانان : مـافی پاراسـتن ويارمەتیـدانیان لەسەر ئێمە نیە، بەڵكو بەپێچەوانەوە دەبێت مسـوڵمانان دژیان بجەنگن بۆئەوەی پارێزراو بن لە شەڕ وزیانیان.

٢- ئەوانەی داوای پەنـــابەرێتی وپاراســـتنیان دەكەن : مـــافی پاراســـتنیان لەسەرمانە لە كات وشـوێنی دیـاریكراو بـۆ پاراسـتنیان؛ چـونكە خـوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْـتَجَارَكَ فَـأَجِرْهُ حَتَّـى يَسْـمَعَ كَـلاَمَ اللّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ...﴾ [التوبـة:٦] واتە: ﴿خـۆ ئەگـەر كەسـێک لـە هـاوبەش پەیداكاران -موشریكەكان- داوای پەنای لێ كردیـت (ئـەی پێغەمبـەر -صلی الله علیه وسلم-، ئەی ئیمانـدار)، ئـەوە تـۆیش پـەنای بـدە هـەتا گـوێی لـە فەرموودەكەی خوا (قورئان) دەبێت، پاشان بیگەیەنە بەو شوێنەی دەیەوێت و (ماڵ و گیان و ژیانی) تیایدا پارێزراوە...﴾.

٣- ئەوانەی پەیمانیـان هەیە لەگەڵ مسـوڵمانان: دەبێـت ڕاسـتگۆ بـین لە پەیمانەكانمان لەگەڵیان هەتاوەكو ئەو ماوەیەی لە ڕێكەوتنەكەدا دیاریكراوە لەنێوانمـــان، ئەگەر ئەوان لەســـەر پەیمـــانەكە بەردەوام بـــن ونەیشـــكێنن وكەمتەرخەمی تێدا نەكەن، ویارمەتی كەس نەدەن دژی ئـێمە وتـانە نەدەن لە ئاینەكەمان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِلاَّ الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْـرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْئًا وَلَمْ يُظَاهِرُواْ عَلَيْكُمْ أَحَـدًا فَـأَتِمُّواْ إِلَـيْهِمْ عَهْـدَهُمْ إِلَـى مُـدَّتِهِمْ إِنَّ اللّـهَ يُحِـبُّ الْمُتَّقِـين﴾ [التوبـة:٤] واتە: ﴿بـەڵام ئـەو هـاوبەش پەیداكارانەی كە پەیمانتان لەگەڵیاندا بەستووە، پاشـان پابەنـدی پەیمانەكـە بوون و هیچیان لـێ كـەم نـەكردووە و یارمـەتی كەسیشـیان نـەداوە دژتـان، ئـەوە ئێـوە پەیمانەكـەیان بـۆ بەرنـە سـەرو تـەواوی بكـەن، تـا كـاتی دیـاری كراویـان، چونكـە بەڕاســتی خــوا تەقــوادارانی خــۆش دەوێــت﴾، وكاتێـک دەفەرموێت: ﴿وَإِن نَّكَثُواْ أَيْمَانَهُم مِّن بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمْ فَقَـاتِلُواْ أَئِمَّـةَ الْكُفْـرِ إِنَّهُـمْ لاَ أَيْمَـانَ لَهُـمْ...﴾ [التوبـة:١٢] واتە: ﴿خـۆ ئەگـەر ئەوانـە پەیمانەكانیان بشكێنن لەدوای بەستنی و گاڵتەو تانەوتەشەریان لـە ئـاین و بەرنامەكەتان دەدا، ئەوە بجەنگن دژی سەرانی كوفر، بەڕاسـتی ئـەوان هـیچ پەیمانێكیان نیە...﴾

٤- ئەوانەی لەنێو مسوڵمانان دەژین : بەبەراود بە ئەوانەی پێشوو زۆرترین مافیان هەیە ومافیان لەسەرە، چونکە ئەوان لە وڵاتی مسوڵمانان دەژین، ولە ژێر پاراستن وبەڕێوەبردنی مسوڵماناندان، ئەمیش بەرامبەر بە ئەو سەرانەیەی -جزیەی- دەیدەن بە وڵات.

واجبە لەسەر فەرمانڕەوای مسوڵمانان حوکمیان بکات بە حوکمی ئیسلام لە نەفس وسامان وشەرەفدا، وحەددی شەرعی لەسەریان جێبەجێ بکات لەوەی باوەڕیان وایە حەرامە، و واجبە لەسەری بیانپارێزێت وزیانیان لێ دوور بخاتەوە.

واجبە جیاواز بن لە مسوڵمانان لە جلوبەرگدا، ونابێت شتێک دەربخەن پێچەوانەی ئیسلام بێت یان نابێت شتێک لە دروشمەکانی ئاینەکەیان دەربخەن وەکو خاچ وزەنگ وهتد، وحوکمەکانی -ئەهلی زیمە : أهل الذمة : ئەو کافرانەی لەنێو مسوڵمانان دەژین- لە نێو کتێبی زانایاندا هەیە لێرەدا زۆر باسی ناکەین.

**والحمد لله ربّ العالمين، وصلى الله وسلم على نبيّنا محمّد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**نووسینی: هەژار بۆ الله -سبحانه وتعالى-**

**موحەمەد ساڵح عوسەیمین**

*******

# پێڕست

(کلیك بکە لەسەر سەرەبابەتەکە بۆ چوونە سەر بابەتەکە لە لاپەڕەکەی خۆیدا)


پێشەکی ........................................................... ٤

مافی یەکەم : مافی خوای گەورە -سبحانه وتعالی- ............................. ٥

مافی دووەم : مافی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ............. ٩

مافی سێیەم: مافی دایک وباوک................................................ ١٢

مافی چوارەم: مافی منداڵەکان ................................................ ١٤

مافی پێنجەم : مافی خزمەکان ................................................ ١٨

مافی شەشەم :مافی هاوسەرەکان (ژن ومێرد) ................................ ٢١

مافی حەوتەم : مافی فەرمانڕەوا وخەڵکی -فەرمانپێکراو- .................. ٢٦

مافی حەوتەم : مافی دراوسێ ................................................ ٢٩

مافی نۆیەم : مافی مسوڵمانان بەشێوەیەکی گشتی ........................ ٣١

مافی دەیەم : مافی نا مسوڵمانەکان ........................................ ٣٦

# ننشر الإسلام بأكثر من 100 لغة

IslamHouse.com

مرجعية مجانية إلكترونية موثوقة للتعريف بالإسلام

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com

موسوعة تضم تفاسير وتراجم موثوقة لمعاني القرآن الكريم

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

موسوعة تضم ترجمات للأحاديث النبوية وشروحها بعدة لغات

موسوعة المصطلحات الإسلامية
TerminologyEnc.com

موسوعة تضم ترجمات المصطلحات الإسلامية وشروحها بعدة لغات

منتقى
المحتوى الإسلامي

موسوعة تضم المنتقى من المحتوى الإسلامي باللغات

جمعية الدعوة وتوعية الجاليات بالربوة

جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات